# شاره لە بیرکراوەکان ...... دۆسی خورماتو بوکی حەمرین

ن / قیس قرەداغی

و / لە عەرەبیەوە بۆ کوردی – مەلا فریاد - خورماتوو



زۆر جار نووسەر یان میژوونوس لە بەر کەمی سەرچاوە بۆ گرنکی پێدان بە بابەتەکەی تووشی گرفت دەبێت . دووز خورماتوش یەکێکە لەو شارانەی کە هەندی جار بە دەگمەن سەرچاوەیەکت دەست دەکەوێت بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەت . ئەویش هۆکاری زۆرە یەکێك لەو هۆکارە سەرکیانە ئەوەیە ڕژێمێکی وەکو بەعس لە عێراقدا کە مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نەمان و لابردنی ئاسەواری نەتەوایەتی کورد لەم سنوورەدا لە بەر چەند هۆیەك وەکو ئەوەی ئەم شارە دەکەوێتە سنوری ڕێگای مەترسیەوە لە لای بەعس وە بە (هێڵی سور) ناسراوە لە نێوان عەرەب و کورددا لە بەر خزمەتی بەرژەوەندی خۆی و بە کارهێنانی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی و ئاسان کردنی سیاسەتی بە عەرەب کردنی ئەو سنورە بە ئاسانی لەو شوێنانەدا کە کوردی تێدا دەژیت .

ئەوەی ڕاست بێت ڕاو بۆچونی زۆر هەیە لە سەر ناوی شاری (دوز خورماتو)

هەیە ئەڵی ناوەکە لە (خورما - تی) یان (خورماتو) واتا لە دوو وشە پێك دێت (خورما – ووشەیەکی کوردیە بە مانای خورما) و (تو) ئەمیش وشەیەکی کوردیە بە مانای توو . هەردوو مانای لە یەك دانی ئەوە ئەگەیەنێ (تووی – خورما) هەردوکیان بە قەبارە یەکن .

ئەگەر سەیری ئەم شارە بکەیت ئەبینی دارتویەکی زۆر زۆری تێدایە .

وەهەندێکی تر کە شارەزایان هەیە وەکو میژونوسان ئەڵین لە سێ ماناوە هاتووە ...

(دووز) ووشەیەکی تورکمانیە یانی (خوێ) ودوو ووشەی تری (خورماتو) بە مانای خورما – توو کە لە پێشدا ئاماژەمان پێ کرد . ئەم شارە ناوی بەم سێ شتەوە دەرکردوە .

وەهەندێکی تریان دەڵێن ناوی (**طـوز – دووز**) ووشەیەکی کوردیە یانی (قەلاّ) وەئەمیش ئەوە دەگەیەنێت لە هەر ولاّتێکی کۆندا لە سەر زەمین هەمو ئەو ولاّتانە بە قەلاّ دەناسرێت بۆیە ئەگەر ئێمە تەماشای چیای هەنجیرە بکەین ئەبینین شوێنی ئاسەواری ئەو قەلاّیە هەندێکی ماوە خاڵی دووەم دەبێت وەکو راستیەك وەری بگرین .

وەرای سێ یەم ئەڵێ ووشەیەکی (ئاشوری) کۆنە کە لە کۆندا بە ناوی (خیر متی) ناوبراوە وەدواتر گۆڕاوە کراوە بە (خورماتو – خورماتی) ووشەی (**طوز – دووز**) یان بۆ زیاد کردوە دوای دۆزێنەوەی خوێ لەم شارەدا ، بە مانای گشتی (ملح خیر متی) بە کوردی (خوێ خیر متی) یان (قلعە خیر متی) بە کوردی (قەلاّی خیر متی) .

وەرایەکی تر ئەڵێ کە ئەویش نووسەر و مێژوونوس مامۆستا (عونی الداودی) کە تایبەتە بە کەرکوك وسەرچاوەکەی لە کتێبی میژووناس مامۆستای پایە بەرز (دکتۆر کەمال مزهەر ئەحمەد) بە ناوی (**کرکوك وتوابعها .. حكم التاریخ والضمیر**)

ئەڵێ ....

پێشەکی کتێبەکە باس لەوە دەکات کە مێژووی ژمارەی دانیشتوان نەتەوە کۆنەکان کە حوکم ڕان بونە لە کوردستان وەکو لوبییەکان و گۆتییەکان وخورییەکان کە حوکمی ئاشورییەکانیان کردوە نزیکەی سەدەیە لەمەو پێش . رونی دەکاتەوە و ئەڵی ئەوان هەندێ لە

شارەکانی کەرکوکیان دروست کردوە وەکو دووز خورماتوو کە هەتا ئێستا ناوی خۆیانی پێەوەیە .
وەدەڵێتێش ناوی راستی (خورماتوو) کە لە دو ووشەوە هاتوە (خور) یانی (خورییەکان) (ماتو) کە لە زمانی ئەکەدیەکان بە مانای ئەوە دەگەینێت (المدینه) بە کوردی (شار) ئەمیش بە مانای (شاری خورییەکان) (مدینه الخوريين) .
وە ناوی خورماتوو باسی لێ دەکرا لە کاتی ئیسلامەوە تا وەکو سەدەکانی نۆزدەهەم دور لەوەی خەڵکی بزانێت مانای چیە . و ئەگەر لە سەر ئەم سەرچاوە میژوویە رێك بکەوین ئەوە ناوی (طوز) وشەیەکی تازەیە کە زیادکراوە بۆ خورماتوو . و ئەگەر بڵێن ئەمیش بۆ سەردەمی عوسمانیەکان دەگەرێتەوە کە ئەوان زیادیان کردوە مەبەست لەم رون کردنەوەیە ئەوەیە بەڵکو لێیان تێکنەچێت کە دوو شار ناوی (خورماتوو) بێت وەکو (تازە خورماتوو) کە دەکەوێتە نێوان کەرکوك و قەزای داقوقەوە بۆ ئەم مەبەستە ناوی دووز بۆ خورماتوو زیادکراوە ببێ بە (دووز خورماتوو) وەتازەش بە (تازە خورماتوو) وەهەردوکیان دەکەونە نێوان ئیدارەی پارێزگای کەرکوکەوە .وەئەمیش بۆ سەرلەنەشیواندنی کارمەندانی تورك بۆ ئەوەی پوستی نامە بگات بە دەستیان .

<u>ناسنامەی ئیداری و جوگرافیای شاری خورماتوو :-</u>

شاری دوز خورماتوو تاکو ساڵی (1946) ناحێیەکی بچووك بووە وەسەر بە قەزای کفری بوە وە لە ساڵی (1947) بەسراوە بە قەزای (داقوق – دقوقاء) وەکو ناحیەیە لە ناحیەکانی تری ئەو قەزایە .
وە لە دوای گەشە کردنی ئەم شارە هێواش هێواش وای کرد دووز خورماتوو بکرێت بە قەزاو وە داقوق بکرێت بە ناحیەیە کە سەر بە قەزای دووز خورماتوو بێت .
وە دوای ئەوە وای کرد دوز خورماتوو جیا بکرێتەوە و لە کاتی رژێمی بەعسدا بخرێتە سەر پارێزگای (صلاح الدين) لە ساڵی (1975) ئەمیش وەکو بەرنامەیەکی دارێژراو وە بۆ تەعریب کردنی ئەو قەزایە . وە داقوق ماوە وکو ناحیەیە سەر بە پارێزگای کەرکوك ، وکەرکوکیش لە چوار جێوی بەرنامەکانی بەعس کە دەستی رەشی پێ گەیشت و ناوی گۆری وکردی بە (التأميم) ئەمش وەکو بەرنامەیەکی دارێژرابوو بۆ کەرکوك و دەورو بەری لە پێشدا .

دووز خورماتوو پێنج ناحیە بە خۆیەوە دەبەستێت :-

1- ناحیەی مەڵبەندی شار کە دانیشتوانی لە هۆز وعەشیرەتەکانی (داودە و زەنگەنە و لەك و بەیات) پێکدێت .
2- ناحیەی قادر کەرەم کە نزیکەی (80) گوند لە خۆی دەگرێت کە لەم عەشیرەتانە پێکهاتووە (زەنگەنە ، تالەبانی ، شێخان ، جباری ، شیخەکانی بەرزنجە) کە هەر هەمووی کوردن و ، ئەم ناحیەیە بە خۆی هەموو دێهاتەکانی کە لە خۆی دەگرێت روخێندراوە لە کاتی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا .
3- ناحیەی نەوجول پێکهاتووە لە (32) گوند هەر هەمووی لە عەشیرەتی داودەن ئەم ناحیە خۆی و گوندەکانی روخێندرا لە ساڵی (1988) لە پرۆسەی ئەنفالدا .
4- ناحیەی ئامرلی نزیك (31) گوند لە خۆی دەگرێت ، هەر هەمووی لە عەشیرەتی بەیات و هەندێ لە عەشیرەتی داودە .
5- ناحیەی سلێمان بێگ لە (11) گوند پێکهاتووە ولە عەشیرەتی بەیاتی تورکمانن کە سەرۆکەکانی ئەم عەشیرەتە ئەیانوت ئێمە عەرەبین لە بەر بەرژەوەندی خۆیان .

********

سەر ژمێری دانیشتوانی شاری خورماتوو لە کاتی حوکمی عوسمانیەکاندا (1749) کەس بووە ، وە (756) ماڵی تێدا بووە لەگەڵ (3) خان کە لە کاتی خۆیدا وەکو ئۆتێل تەماشاە دەکرا بۆ شوێنی حەوانەوەو نووستن (96) فرۆشگا و (3) چایخانە و (35) باخچە ویەك خوێندنگای سەرەتایی تێدا بووە .
دووز خورماتوو بە (16) کات ژمێر بەپێ دورە لە کەرکوکەوە وەکو هاتووە لە جوگرافیای عوسمانیەکاندا لەو سەردەمە کە لە چاپ دراوە لە ئەستەنبول لە ساڵی (1329) کۆچی .

بەلاّم خاوەنی کتێبی (دلیل الالویه العراقیه) لە سەر دووز خورماتوو نویسیویەتی مەڵبەندی ئەم شارە دووزە کە دورە لە باشوری شارۆچکەی داقوقەوە بە دوری (20) میل وە لە باشوری کەرکوکەوە بە (80) میل وەئەم شارە یەکێکە لە هەرە شارە بەهێزە سروشتی لە نەوت ، وەلە چوارچێوەی ئەو خاکەدایە کە جێگای تایبەت مەندی خۆی هەیە لەلایەن (کۆمپانیای نەوتی عێراق) وە دوو ڕێگای سەرەکی دەبەستێتە خۆیەوە بەغدای پایتەخت بە کەرکوکەوە . ئەمیش مەبەستی لە ڕێگای کەرکوك – بەغداد وهێڵی ئاسنی بۆ ماوەیەك لە کارخرا پاشان هەڵگیرا و داوتر ئەم هێڵە بە بڕیارێکی شۆڤینانە لادرا . لە تەنیشتیەوە ئاوی (ئاوەسپی)یە کە ئەویش دەڕوانێتە ناو ڕوبەری (**العظیم**)وە .

وە دوو خوێندنگای سەرەتایی تێدایە وەبەڕێوەبەری ئەو دوو قوتابخانە (بهجت فتاح الونداوی و خلیل صبری أبراهیم) کە هەردوکیان خەڵکی شاری کفرین . ڕێژەی دانیشتوانی (23) هەزار کەسە وپێك هاتووە لەم هۆزو عەشیرەتانە وەکو (بەیات و داودە) وەهەندێ لە عەشیرەتەکانی تری ئەو ناوچەیە .

لە خۆرهەلاّتی ئەم شارەوە زەنجیر چیای (هەنجیرەیە) کە نزیکەی (300) مەتر لە دەریاوە بە سەرەوەیە وتەپە گەورەکانی چیای هەنجیرە مەزاری (موسی علی) و (کەلی هەنجیر)ە و (دەربند سلیمان) و(خوێکەیە)

وەئەم شارە لە باکوریەوە داقوق ولە باشوریەوە سلیمان بێگ و لە ڕۆژهەلاّتەوە شاری کفری ولە خۆرئاوایەوە دێی (یەنگیجەیە) ولە ڕووی سروشتیەوە ئەم شارە سووتەمەنی و خەڵوز وشتی تری زۆر زۆرە ..... وە بە باشی ئەزانین کە باسێ لەوە بکەین کە لە دەیان شوێن ، کانی وبیری نەوتی تێدایە وە لەو شوێنانە (بناری گل دێی تازە شار ودێهاتەکانی عەشیرەتی لەك) بە بێ ئەوەی ترومپا وپاڵگەی نەوت دابنرێت لەو سنوورەدا وئەم ناوچەیە تا کاتی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس بە ناوچەی قەدەغە کراو ناو دەبرا لە نێوان سوپای عێراق وهێزی پێشمەرگەی کوردستان ، وەخەڵکی ئەو گوندانە سودیان لەو کانی نەوتانە وەرگرتوە لە کاتی گەمارۆی ئابووری لە سەر کوردستان لە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 وە تا کاتی روخاندنی بەعس لە 2003 .

********

لە ساڵی 1970 سەر ژمێری شاری دووز خورماتوو گەیشتۆتە (86742) لەوانە (25081) لە ناو شار و ناحیەکانی و دەوروبەری و (61661) لە لادێیەکانی .

<u>دووز خورماتوو لە مێژووی کۆندا ......</u>

لەم شارەدا پارچەیەکی کۆن دوزراوەتەوە کە دەیسەلمێنێت شارەکە هەوارگەیەکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێشوو تێیدا ئەڵێ ناوی ئەم شارە ناسراوە بە (خرشیتو) یان (خرشیتوم) ووشەیەکی ئەکەدیە و هاتووە لە یەکێك لە نووسراوە مسمارییەکان (المدونات المسماریه) لە کاتی ئەکەدییەکان وسەرجەلەی حوکمرانی (أور)ی سێیەمدا باسی پاشاکەی دەکات کە ناوی (مارهونی) یە و ژیاوە لە سەردەمی حوکمی پاشای سۆمەری (یورسین) وپاشای (اردکینا) کە ولاّتەکەی جیا بووە لە ناوی (خارشا) یان (خروشیتوم) وە تا کاتی کورەکەی (ابتاویر) وپاشا (بازامو) کە لە سەردەمی پاشای سومەری (شولکی) دووەم پاشای گشتی سەرجەلەی حوکمرانی (أور) سێیەمدا ژیاوە کە حوکمڕان بووە لە نێوان سالآنی (2049 – 2041) پێش زاینی ، وە لە کاتی بابلییەکاندا هەستان بە دروست کردنی قەلاّیە دالدەی بۆ میدییەکان بە ناوی (دز خورشید – قلعە الشمس) بە زمانی ئاری کۆن ولەگەڵ پێشکەوتندا ناوەکە گۆڕا بۆ بە (دز خورمات) و لە ڕاستیدا ئەم رایە زۆر نزیکە لە باوەرپێکردنەوە لە گشت ئەو رایەکانی تر لە سەر ریچەلەکی ناوی شارەکە ، وا باس دەکرێت شاری (کفری) دراوسێ ی جیا بۆتەوە وەکو ولاّت لە کاتی حوکمی پاشا (شولکی) وناوی کفری لە نزیك (3000 ساڵی پێش زاینی) ناسرابوو بە (کیرو کیماش) .

<u>شایەتی مێژووناسەکان پێویستە :-</u>

(المنشيء البغدادي) له سەر دووز خورماتوو ئەڵێ نێوان دووز خورماتوو و کفری (7) فراسخ (رحال) ئەڵێ له نێوانیاندا ڕووبەری (قوری چای) هەیه ولەو شوێنەدا عەشیرەتی بەیات دادەنیشێت وە بە هەرسێ زمان قسه دەکەن (کوردی ، عەرەبی ، تورکی) . هەندێکیان سوونه مەزهەبن وەئەوانی تر شیعه مەزهەبن ، لەم شارەدا له ڕووی سروشتیەوە ئەڵێ زۆر دەوڵەمەندن وەکو (گەچ ، باروت ، خەڵوز) وە له سەر شاخی ئەم شاره قەلآیەك دروست کراوه بە گەچ وچوار دەرگای هەیه . زۆربەی دانیشتوانی ئەم شاره ئارەق خۆرن وە دەنگێکی خۆشیان بەلاوەیه وله بواری موزیك ژەنیندا له هەموو جۆری شارەزای باشیان هەیه ، بە دوو زمان ئەدوێن (کوردی ، تورکمانی) وە زۆر ڕێز له میوان دەگرن ، هەزار خانووی تێدایه ودائیرەی پۆستی بەریدیشی لێیه .

بەلآم (جیمس ریچ) ئەڵێ کە کاتێ ڕێی کەوتۆتە ئەم شاره ساڵی (1820) زاینی دەربارەی ئەم شاره ئەڵێ بیری نەوتی تێدایه بە قوڵی (15) پاه له سەر ئەو ڕێگایه کە بەرەو چیاکانی شارەکه دەڕۆیت ، وە له نزیکی خوێیشی تێدایه وبیرێکی نەوتی تر هەیه له باشوری شارەکەدا ، وە کۆی گشتی سودو قازانجی ئەو بیره ساڵآنه دەگاته (20) هەزار قورش و دابەش دەکرێته سەر بنەماڵەی (الدفتردار) باوکی "عمر بەگ" کە خاوەن گەنجینەیه وە درێژەی پێ دەدات وئەڵێ خەڵکی ئەم شاره ساڵآنه خۆشی وشادی ئەکەن وقوربانی زۆر له مەر و بزن سەردەبڕن کە هەموو ساڵێ ئەو بیرانه پاك بکەنەوە . وئەبێت بڵێین ئەم چاو له یەك برینه ئەگەڕێتەوە بۆ کۆن ، وەریان گرتوە له کۆنەوە تێگەیشتنی وایان هەیه کە ئەم بیره نەوتانه بەرهەمی زۆر تر دەبێت .

دووز خورماتوو وئامادەبوونی فروانی له خەباتی نیشتمانی :-

هیچ کاتێ شاری دووز خورماتوو دەست بەردار نەبوە له خۆ ئامادەکردن له شۆرش و ڕاپەرینەکاندا وە ئامادەبوونی ڕاستی خەڵکی کوردستان بەرامبەر هەر شتێك کە زەرەری گەیاندوە بە گەلی کورد . ئەگەر لاپەرەکانی میژوو هەڵبدەینەوە لەم شاره ئەبینین ئامادەبوونی خەڵك چۆن بەردەوام بووە . له کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا له ساڵی (1914) زاینی "نامق ئاغای داودە" کۆمەڵێ خەڵکی کۆکردۆتەوە و بەرەو شوعەیبە له بەسرە بەرێ کەوتوە لەو هێزانه بوونه کە سەر بە (شیخ محمودی حەفید) بووە لەوێ لەگەڵ هۆزو عەشیرەتەکانی فوراتی ناوەراست بەشداریان کردوە بەرامبەر ئنگلیز کە هێزەکانیان له شاری بەسرەی باشوری عێراق جێ نشین بوون و شایەتحالآن باسی ئازای نامق ئاغا دەکەن له کاتی شەرەکەدا چەند قارەمانانه شەری کردوە دژ بە هێزەکانی ئینگلیز بە خەنجەرە کوردییەکەی تا وەکو شەهید بوە له مەیدانی جەنگدا وە لەوێ بە خاك سپێردرا وە گۆرەکەی تاکو ئێستا وەکو شتێکی پیرۆز سەردانی دەکرێت لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیەوە ، وە ئەگەر باسی "رفعت ئاغای داودە" بکەین کە یەکێکه له هەرە سەرکردە قارەمانەکانی عەشیرەتی داوێیه کە یەکێکه له عەشیرەتە گەورەکانی کورد له ناوچەی گەرمیان سەرکردەی یەکێك له خێڵەکانی داودەی کرد بۆ پەیوەندی کردن بە شۆرشی ئیبراهیم خانی دەلۆوە بۆ ڕزگار کردنی شاری دووز خورماتوو وە توانی له ماوەی چەند ڕۆژێکدا شارەکه ڕزگار بکەن . وە لەو شارەدا ئەنجومەنێکی حوکمرانی مەحەلی دامەزراند و هەلبژاردنێکی ئەنجامدا بۆ ئەنجومەنی شارەوانی . وە کاتێ ئینگلیز هەولی دووباره کۆنترول کردنی شارەکەیدا بە هاریکاری پیاوانی خۆیان یەکێك لەوانه (شێخ حەمیدی تاڵەبانی) بوو ، بەلآم جارێکی تر رفعت ئاغای داودە هەستا بە پاراستنی شاری خورماتوو له دژی ئینگلیز وای کرد سوپای ئینگلیز تێك بشکێ و ڕووبکەنه دێی (ئەلبو سەباح) جارێکی تر سوپای ئینگلیز هەوڵیاندا بە فرۆکەی جەنگی مەلەکی رفعت ئاغا دور بخەنەوە وە ڕزگاریان لێ بێت بەلآم ئەم جارەش شکستیان هێنا .
له ڕاستیدا شێخ محمودی حەفید پەیوەندیەکی بتەوەی هەبووە لەگەڵ سەرۆکەکانی عەشیرەتی داودە دا وە جارێکیان شێخ محمود نوێنەرێکی خۆی دەنێرێ بۆ لای (حسن بەگی داوێ) له گوندی (شاەسەیوان) نزیك خورماتوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ شەری (ئاوباریك) وە له ڕاستی دا روون وئاشکرایه رۆڵی هۆزه و عەشیرەتە کوردیەکانی ناوچەکه لەو شەرەدا بە دەیان شەهیدو قوربانیان بەخشی له پێناو ڕزگاری وسەرفرازی گەلەکەیاندا....
وە له کاتی هەڵگیرساندنی شۆرشی ئەیلولی مەزندا له ساڵی (1961) کۆمەڵێ له لاوی ئەم شاره پەیوەندیان کرد بە ڕیزەکانی شۆرشەوە وە دروستکردنی مەفرەزیەکی تایبەت و ڕێژەیان بەرەو بەرزبوونەوە دەچو رۆژ له دوای ڕۆژ وە له کاتی شەهید بوونی بەشێك له لاوی خوێن

گەرمی شاری خورماتوو کۆمەڵێکی تریان پەیوەندیان دەکردە ڕیزەکانی شۆڕشەوە ، هەتا وای لێ هات لە مەفرەزەوە بون بە پەل و دواتر لق و دواتر بوە (بەتالیۆن) وناوی نرا بەتالیۆنی دووزی یەکەم کە سەر بە هێزی کەرکوك بووە وە سنووری چالاکیان لە باشوری کەرکوکەوە تا چیاکانی حەمرین بووە وە بە یەکەم بەتالیون ناسراوە کە جێگای ڕێز و ستایش بووە لە لایەن سەرۆکی شۆڕش (مەلا مستەفای بەرزانی) وە لە ڕێگەی ئێزگەی گەلی کوردستانەوە سوپاس نامەیان بۆ خوێندرایەوە پێش کاتێکی کەم لە پیلانە شومەکەی جەزائیر . وە لە شۆڕشی ئەیلولدا لە شاری خورماتوو کۆمەڵێ کادر و پێشمەرگەی ئازاو بە توانا پەیدا بوون وەکو (حەمەی لالە عەزیز ، عەلی حەبە ، عەباس خەیات ، ئەحمەد فەتاح عبدالرحمن ئاغا ناسراوە بە (ئەحمەد خانم) ، ئەحمەد قوشەلانی ، خورشید تالام ، محمد عەلی فارس ، حاجی هیدایت عزیز نوجولی ، حاجی کەریم ئەحمەد ، "کادر" حسین تەیار ، دەرویش نوری ، محمد عەلی نەجم ، مام خدر لەك ، رەشید توتنچی ، حاجی مەحمود توتنچی ، وبراکەی حاجی جومعە توتنچی ، مەلا رەزا ئەحمەد عبدالرحمن ، حمە رەحیم بارنەوەری) وە کۆمەڵێ خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە گیانی خۆیان کردە قوربانی لەو کاتەدا لەوانەش (عزالدین عەلی حوسین ، نوری لەکی ، نجم الدین عەلی ، مام حسن چەتە ، سلیمان ئیبراهیم قادر ، عەزیز عەلی حەبە ، فایق جوامیر ، مەلا حەیدر (کە لە سێدارە درا لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کە سەرۆك مەسعود بەرزانی زۆربەی لاپەرەکانی کتێبەکەی دەربارەی شۆڕشی ئەیلول نووسیویەتی و تەرخانی کردوە بۆ باسی ئەم شەهیدە قارەمانە) ئەنور جعفر ، وشەهید غرباو تورکمانە لە ساڵی (1976) لە سێدارە دراوە)

و لە دوای شکست هێنان بە شۆڕشی ئەیلول و بەرپابوونی شۆڕشێکی تازە لە گۆڕەپانی سیاسی کورد دا بە ناوی (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان)وە کۆمەڵێ لاوی ئەم شارە هەستان پەیوەندیان کرد بە شۆڕشەوە وە رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە ڕیزەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و بە دەیان شەهیدو قوربانیان دا لە پێناو ئەم ڕێبازەدا ئەگەر باسی ئەو شەهیدە قارەمانانە بکەین وەکو (محمد زەنگەنە ، حسین محمد ئەحمەد ، سید مالك سید محمد بابا ناسراو بە (سەرهەنگ) ، غایب عەلی حەمید کە سەربەرشتیاری کەرتەکەی دەکرد بە پلەی ئەندام کەرت ، نامق سدیق سعید ، کادری سیاسی مستەفا عەلی ئەمین ، مەجید دووزی ، بایز حەمید ، ئەحمەد نسرالدین ، ئازاد عبداللە بەرغەش ، ئاسو کەرکوکی ، جلال جەبار ، ئازاد رەشید ، نادر مەجید جوامیر ، عادل قادر ، شوکر قەڵایی ، غایب رحمن ، عەلی مەردان ، سید ئیبراهیم ئەحمەد خەلیل ، غالب ئەمین .......وهتد)

<u>ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (1991) ی شاری خورماتوو و رۆڵی بەرچاوی خەڵکی شار</u>

دیارە ڕاپەرینەکەی ئاذاری ساڵی 1991 بە یەکێك لە هەرە گەورە ڕووداوە گرنگەکانی گۆڕەپانی سیاسی ومێژووی دەناسرێت ، وە حوکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی ئەو ڕاپەرینەیە ، وبەشداری کردنی خەڵکی شاری خورماتوو لەو ڕاپەرینەدا پێویست بەوە دەکات زۆربەی ئەو کەسانەی ماونەتەوە لە ژیاندان و شایەتحاڵی ئەو راستیەن بۆ باس کردن لە سەر ئەو ڕووداوە مێژوویە ، ئەو ڕاپەرینەی کە بە یەك دەست لە ڕژێمی بەعسی دا ئەویش تێکەل بوونی پێشمەرگە وە شانە چەکدارەکانی (نهێنی) ناو شار کە سەر بە ڕێکخستنەکانی ناو شار لەگەڵ جەماوەردا بۆ لیدانی دامودەزگاکانی بەعس لەو شارەدا ، لە دوای ڕزگار کردنی شاری کفری لە بەرواری 1991/3/10 بە سەرپەرشتی شەهید (حەمەرەش) دواتر ئەو هێزەی کە شاری کفری ڕزگار کرد بەرەو شاری خورماتوو بە ڕێکەوتن و پەیوەندیان کرد بە مەفرەزەکەی (کاك عوسمانی حاجی محمود) کە سەر پەرشتیاری قۆڵی دووز خورماتووی دەکرد ولە کات ژمێر (3) عەسر لەو ڕۆژەدا چەکدارەکان و پێشمەرگە قارەمانەکانی شاخ لەگەڵ ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شاردا تێکەڵ بوون و لەگەڵ خەڵکی چەوساوەی شاری دووز خورماتوو بە دەستی بەعس ودار ودەستەکەی هەڵسان بە لێدانی نیشانەکانی دامودەزگەکانی دڕندەی بەعس هەر لە (ئەمن و مقر حزب و ئیستخبارات) نەیان توانی بەرگری لە خۆیان بکەن بۆیە کۆمەڵ کۆمەڵ خۆیان دەدا بە دەستەوە . وە هیچ شتێکی تر نەما تەنها چیاکانی حەمرین نەبێت کە سنووری سروشتی کوردە کە چەندین ساڵە خەبات لە پێناویا دەکات . بەڵام لە بارودۆخێکی کتوپردا کە ڕوویدا بۆ دواخستنی هێزەکان بەرەو چیای حەمرین وە لەوێشەوە بەرەو بەغدای پایتەخت . وە ئەو کۆسپەی دروست بوو لە بەردەم ئەو هێزەدا هۆکاری هێزە بە کرێ گیراوەکانی (مجاهدی خلق) ئیران بوو کە بارەگایەکیان لە نەوجول بوو لە باکوری ڕۆژئاوای شارەکەوە وە دوای ڕزگار کردنی شارەکە ئەو سەربازگەیەی کە لێی بوون بە جێیان هێڵاو بەرەو باشوری بەغداد بە ڕێکەوتن لە سەر شەقامی سەرەکی کە دەکەوێتە ناوەراستی شارەوە کە زانیان شار ڕزگار کراوە نوێنەریەکیان لە خۆیان نارد بۆ لای هێزی پێشمەرگە ووتیان ئێمە هیچ حەقمان

نیه به سەر ئێوەوە بەس ئەوەنە داواکاریمان هەیە ڕێگامان بۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی بگەینە سەربازگەکەمان کە لە (**عظیم**)ە کە نزیك شاروچکەی خالصە وە دوای ئەوەی کە وەڵامیان ورگرد بۆ ئەو مەبەستە ڕێگایان پێ درا لە دووز دەرچون بێ ئەوەی هیچ کەسێك دەستیان لێ بوەشێنێت وە دوای پەرینەوەیان لە پردەکەی (ئاوەسپی) هەڵسان بە تۆپ بارانی خەڵکی شارەکە بە گولە هاون بە هەموو جۆرە چەکێك وە لە ناحیەی سلیمان بێگ نیشتەجێ بوون . دور لەوەی کە مەبەستیان ڕۆیشتن بێ بۆ شوێنی خۆیان لە عزێم . وای کرد ڕژێمی بەعس بتوانێ سەر لەنوێ هێزەکانی خۆی دووبارە کۆبکاتەوە . لە بەر چەند هۆیەکی ستراتیجی ئەم شارە و خۆبەستنەوەی لەگەڵ چەند شەقامێکی سەرەکی کە دەیبەستێت بە خۆیەوە وەکو ڕێگای خوشکەر بەرەو تکریت ئەمە لە ڕووانەگەیەکەوە وە لە رووێکی ترەوە ڕێگای بەغداد وە ڕژێمی بەعس هەستا بە پەلە هێزێکی گەورە دروست بکات وە ئەو هێزە بدات بە دەستی گۆر بە گۆر (**بارق حاج حنطة**) کە ڕژێمی بەعس دەیان جار نیشانەی ئازایەتی پێ بەخشیوە وە بۆ ئەو هەموو کارە چالاکانە ئەنجامی داوە بەلأم دوای ئەوەی حونتە ئەم شەرەی دواییە لەگەڵ خەڵکی شاری دووز خورماتوو کە تێیدا دۆرا بە دەستی راستی خۆی و وە بە دەمانچەکەی خۆی کە دەیان جار نیشانی ئازایەتی کرد بە بالأیدا لە کۆتایدا هەر خۆی کوشتی دوای ئەوە دکتاتور کوری مامی خۆی (علی حسن المجید) کە ناسراوە بە "عەلی کیمیاوی" بۆ خۆ ئامادە کردن وناردنی بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو شەرە لە سنووری شاری کەرکوکدا لە ڕێگای فرۆکەیەکی هەلیکۆپتەرەوە لە دوای ئەوەی شاری کەرکوك ڕزگار کرا لە ڕۆژی نەوروزدا لە بەرواری (1991/3/21)

لەم شەرەدا کە تێیدا بەعس بە هەموو قورسای خۆی بەشدار بوو وە لەگەڵ موجاهیدی خلق بەرامبەر هێزی پێشمەرگە و خەڵکی بە شەرەف و قارەمانی شاری کەرکوك بۆ ماوەی (9) ڕۆژ شەر لە نێوان خەڵکی شار و هێزی بەعسدا بەردەوام بوو ، دەیان کەسی بێتاوان بوون بە قوربانی وشەهید بوون لە پێناو خاکی کوردستاندا . وە بەدەیان ئامێری جەنگیان سووتاند لەوانە زرێپۆش و تانك وە لەم شەرەدا کە لە پێنج قۆڵەوە دەستی پێکرد وەدەیان پێشمەرگەی شۆرش گێرو قارەمان بوون بە قوربانی لە سەروی هەموویانەوە (شەهید حمە رەش "ئەندامی سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان" ، شەهید سولتان حەمید ، صالح محمد حسین (کاکە) ، نادر مەجید جوامیر ، ئەحمەد زەرداوی ، شوکر قەلأیی ، ئازاد رەشید ، رمزی حسین ، کمال سابیر قازی ، کەریم خلیل ........وهتد)

ولەو شەرەدا نزیکەی (390) کەسی بێ تاوان شەهید بوون لە ناویاندا منداڵ و گەورە وبچووك بە هۆی ئەو تۆپ بارانە کوێرانە کە ئاراستەی ناو شاریان دەکرد لە فرۆکەخانەی "حلیوە" کە نزیکەی (15) کلم لە خۆرئاوای شارەکەوەیە .

وهەستان بە دابەش کردنی شار بۆ پێنج قۆڵ بۆ بەرگری کردن بەم شێوەیە :-

1- عوسمان حاجی محمود کە بووبە لێپرسراوی سەرکردەی گشتی هێزەکە لە دوای شەهید بوونی (شەهید حمە ڕەش) .
2- ڕێگای تکریت کە دەکەوێتە خۆرئاوای شارەکەوە بە سەر پەرشتی تەیب برای شەهید (سوارە) .
3- ڕێگای بەغداد لە باشوری شارەکەوە بە سەر پەرشتی شەهید مەجید دووزی وجەبار مەلا عەلی .
4- قۆڵی مەشروعەکە لە نزیك سایلۆکەوە بە سەر پەرشتی (شەهید حەمە ئەخە) .
5- ڕێگای کەرکوك کە دەکەوێتە باکوری شارەکەوە بە سەر پەرشتی (مەلا سعید ئەحمەد محمد) جێگری پێشووی پارێزگاری کەرکوك بووە .
6- قۆڵی چیای (هەنجیرە) لە ڕۆژئاواوە بە سەر پەرشتی (ملازم عباس و شەهید حەمە دووزی) .
7- قۆڵی خوێکە بە سەر بەرشتی شەهید (سوڵتان حەمید) .

ئەو هێزانەی حکومەت کە دابەش کرابوون بۆ لێدانی شارەکە لەم هێزانە پێك هاتبوون ( لیواکانی 65 ، 68 ، 62 لە هێزی تایبەت ، لیوای مغاویر دوو کە سەر بە فەیلقی دووە ، هێزی بارق ، تەشکیلەی سیف القائد ، یەکەی سەربازی سەرکردایەتی سێ پاسەوانی سنوور ، تەشکیلاتی جیش الشعبی و جاشە خۆفرۆشەکانی کورد) (بۆ زانیاری زیاتر لە سەر راپەرینەکەی شاری خورماتوو ئەتوانی سەردانی کتێبی (**شعلة الانتفاضة في محرقة مدينة طوز – عثمان حاجي محمود**) لە بڵاوکراوەی بەشی راگەیاندنی کە سەر بە مەڵبەندی (3)ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) .

********

<u>سێ گۆشەی (تەعریب و تەبعیس و تەهجیر)</u>

ڕژێمی بەعس لە دوای دەسەڵات گرتنی بە سەر عێراقدا هەوڵی جدی داوە بۆ گۆرینی ڕاستی دیموگرافیای سنووری کورد کە دەیبەستێ بە پارچەی تری خۆیەوە ئەویش عەرەبستانە هەر بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتی بە عەرەب کردنی خەڵکی ئەو سنوورە وە وبە بەعسی کردنیان بە زۆر وبە دەرکردنی کورد لە خاکی خۆی ورەوانە کردنیان بۆ هەولێر و دهۆك و سلێمانی لە پێناو ئەم سیاسەتەدا مەلاین دیناری بە کار هێنا بۆ ئەو بەرنامە شۆڤینیەی کە پارەکەشی لە نەوتی خاکی کوردستان دەری ئەهێنا .

دیارە شاری دووزخورماتوو یەکێکە لە هەر شارە گرنگەکانی بەرنامەی بەعس بۆیە لە پێناویا هەموو قورساییەکی خۆی بە کار هێناوە کە هەستا بە دابرانی دووز لە کەرکوك وبەستنی بە پارێزگای (صلاح الدین)ەوە وەمەبەست لەم بڕیارە درندانەی بەعس ئەوە بوو کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد لە سنووری سروشتی خۆی کە کەرکوکە کەم بکاتەوە . ئەمە لە ڕوانگەیەکەوە وە لە ڕوانگەیەکی ترەوە کورد ببێت بە کەمینە لە پاریزگای (صلاح الدین) .

وە دواتر هەستا بە دروست کردنی ئۆردگای نیشتەجێ بوون بۆ ئەو عەرەبە هاوردانەی کە هێنایانی بەناوی عەرەبی شۆڤینیەوە و ناویان لێ نرا وەکو (یافا) و (حیفا) ئەمیش بۆ دروست کردنی سنوورێکی جیابوونەوە لەنێوان گەلی کورد وگەلی فەلەستین کە هەردو لایان وەکو یەك هاوپەشی خەباتن لە پێناو ڕزگاری خاکەکەیاندا وئەم جۆرە سیاسەتانە لە پەیرەوی زایونیەوە وەری گرتوە کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوە بۆ گەیاندنی بەعس بۆ لوتکەی دەسەلات لە ئێراقدا .

وە لە سەر زمان حالی (علی صالح السعدی) یەکێك لە سەرکردەکانی ڕژێمی پێشووی بەعسە لە سالی (1963) ئەلێ (**اتینا الی الحکم بقطار امریکي**) ئێمە بە قەتاری ئەمریکی هاتین بۆ دەسەلات لە ئێراقدا .

ئەگەر تەماشای ئەو شەرمەزاریە عەرەبیە بکەین کە هۆکاری ڕژێمی بەعس بوو لە ئەنجامی ئەو هەموو شەرو پێکدانانەی کە چەند هەرەمەکیانە مامەڵەی کردوە ئەم حیزبە .

دواتر هەستا بە دەرکردنی ماڵە کوردەکان و وە ڕەوانە کردنیان بەرەو باشوری ئێراق یان بۆ (ناوچەی بە ناو ئوتونۆمی) کە هەوڵی دەدا لە چوار چێوەی سێ پارێزگاکەدا بێت .

وهەستان بە دابەش کردنی هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی بە سەر بنەماڵەی خۆیان بە تایبەتی (بەرزان تکریتی زر برای صدام) کە گەورەترین کیلگەی مریشکی تێدا دروست کردبوو بێجگە لەمەش ڕژێم هەستا بە دروست کردنی (مەشروع صدام الاروائی) بۆ سەرنج ڕاکێشانی عەشیرەتە عەرەبەکان بۆ ناوچەکە وئەم بەنداوە نزیکەی یەك میلۆن ونیو دۆنم لە زەوی دابەش ئەکات بە سەر ئەو ماڵانەدا سەرای ئەو زوڵمو زۆرەش هەستا بە دروست کردنی فرۆکەخانەی (حلێوە)ی سەربازی بۆ لێدانی شۆرشی کورد وگوندەکانی دەوروبەری ئەو سنوورەو سوتماتکردنی ناوچەکە بە بیانووی ئەوەی گوندە کورد نیشینەکان هاوکارو پشتیوانی هێزی پێشمەرگەن بەر لە پرۆسەی ئەنفال .

<u>شاری دوز خورماتو و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال :-</u>

هیچ شوێنێك لە کوردستاندا وەکو سنووری گەرمیان بە گشتی و سنووری شاری دوز خورماتو بە تایبەتی زەرەرمەند نەبووە لە شالاوی ڕەشی ئەنفالدا هەموو دێهاتەکانی روخاندو سووتاندی و بە تالانی برد هەر لە گوندەکانی سەر بە عەشیرەتی (داودە و زەنگەنە و لەك و بناری گل) بە سەریاندا و دەست گیرا بە سەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا لە دوای ئەوەی کە خۆیان دا بە دەستەوە بە ڕەزامەندی خۆیان وایان زانی کە حکومەتی بەعس لە سەر بەڵێنەکەی خۆیەتی کە پێیانی دابوو ئەویش (لێ بوردنی گشتیە) و ئەو هەموو منداڵ و پەککەوتە و ژنەی خستە ژێر سزاوە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبێت ، ڕژێم هەستا بە کۆکردنەوەیان بە زیلی سەربازی بۆ شوێنی نە ناسراو وە هەر بەشێك لەم خەڵکانە بە شێوەیەك زیندە بە چاڵ کران ، هەندێکیان وەکو خەلات بەخشران بە وولاتانی دراوسێ کە بە برا و هاورێ دەدرێن لە قەڵەم وهەندێکی تریان فرۆشران وەکو چۆن لە کاتی جاهیلێت دەفرۆشران لە بازاری ڕەشدا و هەنێکی تر لەوانە چەکی قەدەغەکراویان پێ تاقیکرایەوە بە زیندویەتی و لەم بارەیەوە دەیان بەڵگەنامە کەوتۆتە بەر دەستی هاولاتیان ودامودەزگاکانی حکومی وحیزبی و ڕێکخراوەی بۆ ئەم ڕاستیانە ، کۆمەڵێکی زۆریان بە زیندویەتی خرانە شێر خاکەوە لە گۆرە بە کۆمەڵەکانی باشوری عێراقدا تەنها هەندێکی ڕزگاری بوو لەو کارەساتە وە لە نێوانیاندا منداڵێ بە ناوی

تەیمورەوە توانی خۆی ڕزگار بکات ودەربچێت لەو گۆرە بە کۆمەڵە کە بەشێکیان بە زیندویەتی دەخرانە ئەو گۆرە بە کۆمەلأنەوە وایان زانی بوو هەر هەموویان مردون وکابرایەکی بەدەوی خەڵکی سەماوە ئەم منداڵەی بە خێو کرد و هەستا بە تیمارکردنی ئەو برینانەی کە هەیبوو کە لە ناو چاڵەکەدا تووشی بوو وە هەستا پاراستی لە لای خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر تا توانی ئەم کابرا قارەمانە بچێتە کوردستان وە خزمو کەسوکاری تەیمور بدۆزێتەوە لە ناحیەی ڕزگاری (صمود) وە کۆمەڵێ ڕۆژنامە نووسی بیانی توانیان چاویان پێ بکەویت وە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز بکەن لە نێوانیاندا رۆژنامەنووسی ئەمەریکی **(جوناثان راندل)** وە هەستی کرد کە مەترسی لە سەر ژیانی ئەم منداڵە هەیە کە دەژێت لە شوێنێکدا نزیکە لە بارەگای سەربازی عیراقیەوە و دامودەزگاکانی ئەمنی وئیستخباراتی رژێم بۆیە بە پەلە هەستا بە ئاگادار کردنەوەی هەڤاڵ "مام جەلال " وە ووتی مەترسی گەورە لە سەری هەیە وای کرد هیرۆ خانی خێزانی هەستا تەیمور بگرێت بە خۆیەوە وەکو منداڵی خۆی بیپارێزێت کە شایەتحالی زیندوە لە سەر کارەساتی ئەنفال کە نزیکەی (182) هەزار خەڵکی بێ تاوان تێیدا رۆی ،

وە لە دوای ئەوەش چەند کەسێکی تر گەرانەوە لەوانە ، یەکێکیان خەڵکی شاری دووز خورماتووە کە ڕزگاری بووە لە مردن وە لە لایەن ڕۆژنامەنووسی کورد "عارف قوربانی" چاوپێکەوتنێکی دورو درێژی لەگەڵیدا ساز کرد لە سەر ئەنفال کە دواتر هەستا بە چاپکردنی لە سەر شێوەیی نامیلکە بلأوی کردەوە لە کوردستاندا . وە لە دوای ڕزگار کردنی بەشێك لە کوردستان هیچ هەوڵێ نەدرا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی داودە لە دووز خورماتوو لە بەر ئەوەی لە چوار چێوەی ئەو ناوچەیەدایە کە بە ناوچەی قەدەغە کراو ناسراوە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای رژێمدا وە لەو دێهاتانەی کە ئاوەدان کراونەتەوە تەنها ئەمانەیە (وارانی سەرو، وارانی خوارو ، لەفتی ئاغا ، چەوری ، ساڵەیی ، عەرەب ئاغا ، گەرمك ، زنانەی سەرو ، زنانەی خوارو ، مەحمود بەگ ، گوندی حەسەن ، باشتەپە ، عومەر صوفی) وە بەشێك لە گوندنشینەکان ئێستا لە کۆملگاکاندا دژین کە لە صمود و بنی صلاوە و کەورکۆسك .....وهتد وهیچ لە ڕێکخراوەکان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ نەکردون .

<u>رۆڵی رووناکبیران و ڕۆشنبیرانی شاری دووز خورماتوو :-</u>

سەرەرای ئەو هەموو کۆسپ و دۆزەخ وکارەساتەی کە بە سەر ئەم شارەدا هاتووە وە پەیرەوکردنی سیاسەتی تەعریب کردن و بە قەدەغە کردنی خەڵکی ئەو شارە لە بچوك ترین مافی خۆی ئەویش زمانی دایکە ، بەلأم ڕۆشنبیران و رووناکبیرانی ئەم شارە کۆڵیان نەدا لە هەر هەموو ئەو دژایەتیەی کە لە لایەن رژێمەوە دەرحەق بە کورد ئەکرا وە دەیان شاعیر و نووسەری تێدا هەڵکەوت لەوانە شاعیری کلاسیکی (محاکی) و (محمد خورشید رشید ئاغای دوراجی) (دوراجی) گوندێکی سەر بە ناوچەی داودەیە و دەکەوێتە نێوان کفری و دووزەوە ، وە (سەقمی) وە (حەمەکە) وە (زەمان ئوغلو – شاعیرێکی تورکمانیە) وە ئەگەر باس بکەین لە ووتەبێژان شاعیر و گۆرانی بێژی تورکمانی بە ناو بانگ ئەکرم دوزلو و شاعیر ئیکرام عەلی ئەمین و برایان عبداللە تایر بەرزنجی و هاشم عبداللە بەرزنجی و لە بواری چیرۆکدا چیرۆکنووسی ناودار (زوهدی الداودی) خاوەنی رۆمانی (الزنابق التی لا تموت) و ئێستا چەند ساڵێکە لە ئەڵمانیا دەژێت و چیرۆکنووسی ناودار ئەحمەد محمد ئیسماعیل خاوەنی چیرۆکی (دارەکەی بەر ماڵمان – تلك الشجره النابته قباله منزلنا) و (ئەسپ – الفرس) و (لە سێبەری ئەسپە شێدا – **تحت مظلة الفرس**) و چیرۆکنووسی داهێنەر محمد ئەمین محمد خاوەن کتێبی (ئەبێ و نابێ – یجوز ولا یجوز) وە (رایەکی زمانەوانی – **وجهة نظر لغوية**) وە چیرۆکنووس نجیب گەرمیانی خاوەنی باشترین کتێب دەربارەی ئەنفال و خواڵیخۆشبوو جمال سابیر قازی و لە رووی ڕۆشنبیری و کۆمەلأیەتی و ناودارانی پیاو ماقولأنی شاری خورماتوو لەوانە عبدالکریم محمود صفر ئاغای زەنگەنە و غزائی ومام عبداللە ئەمین نایف ناسراو بە (عبداللە بچووك) ومام زیدان و حمە ئەمین داودی کە نامە گۆرینەوەیان دەکرد لەگەڵ وێژەری گەورەی کورد کێوی موکریانی و مەلا عارف و مامۆستا و دکتۆر غالیب داودی خاوەنی کتێبی **(الداودیة في ماضیها وحاضرها)** وە لە خۆشنووسان خۆشنوسی خواڵێخۆشبوو صفوەت محمود ندیم کە یەکێکە لە خوێندکارەکانی دەستی خۆشنوسی گەورەی عێراقی ناودار **(هاشم الخطاط)** کە بووە بە یەکێك لە هەر خۆشنوسەکانی عیراق وکوردستان وە براکەی نووسەر و هونەرمەندی شێوەکاری وە رەخنەگر عبدالحکیم محمود ندیم وە بە پێویستی ئەزانین باس لەوانە بکەین کە بە ڕیشە دوزین بەلأم ڕۆژگار دوریانی خستۆتەوە لە شارەکەیان وەکو

نووسەری پایەدار عەونی داودی و ڕۆژنامەنووس بیرقەدار سۆران داودی و داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر نەم توانیوە ناوی ئەوانی تر بنووسم لە بیرم چوە لە بەر زۆری ، وە لە بواری گۆرانی بێژیدا کە گەشتیاری بە ناو بانگ المنشئ البغدادی ئەڵێ لە سەر ئەم شارە نزیك دوو سەدەی پێش ئێستا خاوەنی دەنگێکی خۆشن ، کۆمەڵێ گۆرانی بێژی ناوداریان تێدا هەڵکەوتوە کە زۆریان خزمەتیان بە گۆرانی کوردی وتورکمانی ناوچەی گەرمیان دووز خورماتوو بەخشیوە . دووز خورماتوو بە یەکێك لە ئەرزیە رەسەنەکان دەناسرێ لە بواری مەقاماتی رۆژهەلاٌتی کوردی رەسەن سەرچاوەی مەقامی (قەتار اللە وەیسی) لەوێ هەڵهاتوە ، وە لە مەقام بێژی گەورەی عێراق یەکەم (محمد قوبانجی) لە مەلا سمایلی کفریەوە وەری گردوە وکردویەتی بە گۆرانی لە بەغداد بە ناوی مەقام (قەتار) وبە یەکێك لە مەقامە گرنکەکانێتی لە جیهانی مەقامی عێراقیدا (لە کاتی تردا ئەم بابەتە بە شێوەیەکی گشتی شیدەکەینەوە) ، لە گۆرانی بێژەکانی ئەم شارە مامۆستا حسین عەلی (گورجی) شارەزای باشی هەیە لە مەقام لە ئێزگەی کوردی و مامۆستا سەلاح داودە و گۆرانی بێژان فایق داودە وە نەوزاد داودە ومام عەزیز و کورەکەی ئەحمەد نانەوا وە حەمەی حەسەن قەوان وە مستەفا نانەوا وە ئەحمەد فەرج وە لە گۆرانی بێژانی تورکمان ئەکرەم دوزلو و حەمید دوزلو و نازم عەبد و عەباس جەلال و حەسەن دوزلو و ئەوانی تر ......

و لەم شارەدا چەند گروپێکی مۆزیکی دروست کراوە وەکو گروپی کۆماری کە دروست کردنی لە لایەن شەهید مستەفا عەلی ئەمین وە لە ساڵی 1983 وە گروپی کاروان و گروپی تایبەت بە تورکمان و چوار قۆلی قوریات (جۆرێکە لە شیعری چوار قۆڵی کە هەر یەك لە لای خۆیەوە بە جۆرێ ئەو مەقامانە ئەڵێتەوە)
ئەم ووتارە شتێکی زۆر کەمە دەرحەق بە باس کردن لە سەر ئەم شارە کە زۆری دا بەلاٌم هیچی بۆ پێشکەش نەکرا وە لە ئایندەدا گەرانەوەیەکی ترمان دەبێت بۆ نووسین لە سەر ئەم شارە ، وە داواکارین لە بەرپرسانی عێراقی تازە ئاورێ لەم شارە بدەنەوە وە نوێبونەوەی بکەن لە دوای ئەو هەموو ماڵ وێرانی و روخاندنەدا کە بە سەریدا هات لە کاتی رژێمی بەعسی پێشوو .....